
# لیوەکانت.....



**بـۆ ڕەنـگ کردنی لێوەکانـت بە جوانترین شێوازی نوێ و ئاسان ئەم حەوت خاڵە پەیڕەو بکە.**

**پێداویستیەکان ( فلّچەی دان، لماعی لێو قەڵەمی لیو، سـورا و ( ڕەنگی خوازراوت)، پاودەر هەنگاوەکان:**

١- بەفڵچـەی ددان توێژاڵی مردووی لێوت لابەرە (پێستی مردووی لێو)

٢- لێوەکانت بە لەماع تەڕبکە.

٣- لەو کریم ئەساسەی یان پاودەرەی کەبەکاری دێنیت بە فڵچە کەمێك بدە لە لێوت.

٤- پێنج خاڵ لەسـەر لێوەکانت بکە هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە.


٥- لـێـوەکانـت سنووردار بکە بە قەڵەم لێو.

٦- بەفڵچە سوراوەکەت لە لێـوت بدە بۆئەوەی بەجوانـی بـە لێوتدا بڵاوبێتەوە.

٧- دەسرێکی کلینیکس بخەرە نێوان لێوەکانت و یەك جار دەمت دابخە.

٨- لە کۆتاییدا کەمێك لەو سـەر ڕوومەتەی کە بـە کاری دەهێنیت بیـدە لـە لێوەکانت، ئەمەش یارمەتیت دەدا کـە (maek up) بۆماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە.





## نەخش بۆ نینۆکەکان هەنگاوێک بۆ جوانی



هەرچەنـدە خانمانی کورد گرنگییەکی ئەوتۆ بە نەخشـی نینۆکـەکان نادەن، بەڵام ئەمەش بەهۆی ئەو مۆدەی کەلە کوردستاندا بەدی دەکرێ، ڕێژەیەکی کەم لە خانمـان کاری نەخش بۆ نینۆکەکان ئەنجام دەدەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا جوانییەکی گەورە و شایسـتەی هەیە بۆ ئەوەی مۆدەیەکی کراوە و ناسـك بن لە رازاندنەوەی دەستی خانمان، دانانی نەخش بۆ نینۆکەکان دەبێتە ڕێگەیەك بۆ دانانی لایەنێکی جوانی لە جەستەدا.

دانانی نەخشەکان بۆ نینۆك، مۆدەیەکی تازە دەبێ لە جوانی پەنجەکانی دەست، تەنانەت هەر بۆیەك بۆ پەنجەکان لەگەڵ نەخشەکان دەگونجێ و ئەمەش وادەکات بە جوانترین شـێواز مۆدەی نەخشەکان کـراوە و رازاوە بێ، نەخشـەکانیش بە پێ خواسـتی خانمەکە خـۆی دەبێ کە چ جـۆرە نەخشـێك هەڵبژێری بۆ پەنجەکانی، لە ڕێگەی ئەو لایەنەشـدا دەکـرێ پەنجەکان بەچەندین نەخشـی جوان رازاوە وجوان بکرێن.



## تەسریحەی خاو و ئاڵۆز لە ستایلێکی قژ

**مۆدیـەك لە تەسـریحەیەکی جوان و ڕێك، کە نەخشێکی شیاوی بۆ دەکرێ و لەگەڵ دانانی سـتایلێکی تێك ئاڵۆز و کراوە بۆ نێوان تاڵەکان، ئەم شێوازە لە شێوازەکانی قژی بەسـتراوە و لە نزیکـەوە کاری تێکەئاڵۆزی بۆ کـراوە، لەگەڵ دانانی تەوقەیەکـی بچووك بۆ ئـەوەی تەڵە قژەکان لە یەکتر گرێ بدەن، لە پێشەوە بە شێوەیەکی سەرح دەردەکەوێ و لە دواوەش دیمەنێکی بەستراوە و ئاڵۆزە، ئەمەش وادەکات بیێتە تەسریحێکی شـیاو بۆ ئەوەی مۆدیەکی جوانی لێـوە دەربچـێ، لەم تەسریحەشـدا شێوەی نەخشـەی سـتایلەکە ڕۆڵ دەبینێ و لەگـەڵ ئەوەی هەر خانمێك بۆی هەیە جۆرە شێوازێك هەڵبژێرێت.**



# ڕوخسارت سپی و ناسک بکە

خانمان پێویستە رووخسـاریان بە جوانترین شێواز دەربکەوێ و چونکە جوانی زیاتر لە رووخسـاردا کۆدەبێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ڕێگە سـادەکان کە ئەنجامێکی گەورەی دەبێ بۆ جوانبوونی رووخسارت کە بە ڕێگەیەکی ئاسانەوە دەست دەکەوێ.

کەرەستەکان

- ئـاوی گوڵ، کە لە کوردسـتاندا هەیە بەرهەمـی بیانی یان خۆمانـە، ئاوی گوڵی ئامادەکراو، یان گوڵێکی پاك بهێنە و لەناو هەندێـك ئاوی پاکی دابنێ بۆ ماوەی نیـو کاتژمێر، لێرەدا ئاوی گوڵمان دەست دەکەوێ.
- نیشاستە (بەڵام دەبێ پاك و تازە بێ)

چۆنیەتی ئامادەکردنی گیراوەکە

سەرەتا سەرەتا دێن بە تێکەڵ کردنی هەر یەك لە ئاوی گوڵ و نیشاستەکە بە شـێوەیەکی هێواش و نەرم، تا دەبێتە گیراوەیەکی شـلە و دوای ئەوەی هەموو پێداویسـتیەکان تێکەڵ دەکرێت، دەخرێتە سـەر روخسار، دەبێ گشت لایەنەکانی رووخسارت بە شلەکە بێ و جگە لە چاوەکان، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بۆ ماوەی (٣٠) خولەك، خانمان هەست بە گۆڕانکاری دەکەن بە سپی بوون و ناسك بوونی پێستی رووخساریان

# نەخشەکانی خەنە بۆ جوانکاری و ناسکی دەست



لـە جوانـکاری و خۆ جوا نکر د نـی خانمانی کـورد کە چەندیـن ڕێگـەی کلاسـیك و تـازە دەگرننـە بـەر بۆ دروسـت کردنـی شـێوازێکی کراوە و ناسـك لە جوانییاندا، ئەمـەش لە ڕێگەی چەنـد هەنگاوێك بۆ ئەوەی لـە مۆدەی تازە و کلاسیکدا تێکەڵی دروست بکەن، یەکێك لەو ماددانەی بـۆ کاری جوانکاری بەکاردەهێنرێ بریتییە لە (خەنە)، وەك دیمەنێکی شایسـتە و جوان دەکرێ بۆ قژ و دەست بەکاربهێنرێت، خەنە چەندین ڕەنگی جیاوازی هەیە هەر یەکە بە پێ داواکاری کەسەکە دەبێ.

یەکێك لە لایەنە جوانەکانی خەنە ئەوەیە کاتێك لە دەسـت دەدرێ و دەبێتە نەخشێکی جوان، کە بە نەخشـی خەنە ناسراوە، لێرەدا خانمان دەکرێ بـە چەندین جۆر خەنە بەکاربهێنن، لەم ڕێگەیە دەکرێ نەخشـە جوانەکان بۆ دەستەکان دابنێن و لە کاتێکدا ڕەنگی خەنەش لەگەڵ ڕەنگی پێست نزیکە و بەمەش جوانییەکی گەورە دەبەخشێ.



# لاسەر ئێکسسوارێکی کوردەواری بۆ خانمان



لاسـەری کـۆن وەك جوانکاریەك بۆ ئافرەتان، کە شـێوەیەکی ناسك لە خۆ دەگـرێ، دەکرێ سـوودی لێوە وەربگیرێ لەم سـەردەمەدا بۆ ئـەوەی مۆدیەـك بێ لە جوانکاری بۆ جەستەی خانمان، لاسـەر کە لەگەڵ کڵاوی ئەو سـەردەمە بەکارهاتـووە وەك جوانکاریەـك لەلایەن خانمان لە پێشـوودا، و لە لامانی کڵاوی خانمان بەسـتراوە و بـە تەنیشـتیان دا شـۆڕبۆتەوە، وەك ئێکسسـوارێك کـە جێگـەی جوانـی و قەشـەنگی دەبەخشـێ، لەگەڵ ئەوەی مۆدەی لاسەر نەماوە، بەڵام دەکرێ خانمان ئەو مۆدیە دووبارە وەك مۆدیەکی کوردی ڕەسەن بەکاربهێنن و شـێوازێکی جوان دەبەخشـێ بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلە کوردییەکان دەپۆشرێ، بەهۆی ئەوەی بەشـێکی سەر بە ئێکسسوارێکی کلاسـیك دەناسـێنێ و شـێوازێکی تایبەت لە جوانییەکی کوردی ڕەسەن دەردەکەوێنێت.

**ڕەوەند بەختیار**



# دیمەنێکی جوانی سەیرانگای سوارە توکا

سروشتی کوردستان بە چەندین دیمەنی جوان و رازاوە دەردەکەوێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەکرێ سوود لەم جوانییەی کوردستان وەربگرین بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی گەشتیاری و لە گشت جیهان رەنگ بداتەوە، گشت پارچەیەکی ئەو کوردستانە رەنگینە، بە تایبەت سەیرانگەکان کە ئاوێنەی راستەقینەی سروشتێکی پاك و سەرچاوەی کانگاکانی ئاوە روون و سافەکانە، لێرەدا باسی سەیرانگەی (سوارە توکا) دەکەین، کە دەکەوێتە سنووری پارێزگاری دهۆك. ئەو سەیرانگەیە دەکەوێتە سەر دۆڵێکی نزم، کە چواردەورەی بە چیاکانەوەیە، دەکەوێتە سەر هەردوو بانی بەرامبەر یەکتر کە ئەوانیش بریتییە لە بانی بامەڕنێ و بانی سوارە توکا، هەر چەندە ئەو ناوچەیە بچووکە، بەڵام بە سروشتێکی گوڵ و سەوزایی بەناوبانگە و ئاوێکی سازگاریش لەسەرەوەی بانەکەوە بەرەو خوارەوە دیمەنێکی جوان دەردەخات، ئەوەی سەیرە لەم سەیرانگەیە ئاوێکی ئەوەندە شیرین و بەتامی هەیە کە هەرگیز لێوەی تێر ناخۆیتەوە، بۆیە ساڵانە چەندەها گەشتیاری کورد و بیانی سەردانی ئەو سەیرانگە خنجیلانە دەکەن.



# بیۆنسی باوکی دەردەکات!

بۆماوەی چەندین ساڵە باوکی خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی (بیۆنسی) خۆی سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد، وەك بەڕێوەبەری کارەکانی بوو، دوای ئەوەی بیۆنسی هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد کە باوکی هەردەم لەگەڵیەتی لە گشت شوێن و کاتەکاندا، بۆیە بڕیاری دا باوکی دەربکات لە پۆستی بەڕێوەبەری کارەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوە دا، کە هەردەم باوکی خۆشدەوێ، بەڵام ئەو بڕیارەی بە پێویست دەزانی و هۆکاری ئەو لادانەی باوکم لە پۆستەکە، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە جێگەی نیگەرانی منن، لەلایەن خۆشییەوە ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان خۆی و باوکی، وەك باوك و کچێك بن نەوەك هونەرمەند و بەڕێوەبەری کار، کە پێشتر ئەو هەستە لەبیر کرابوو لەلایەن هەردووکیان کە باوك و کچن.

# بووکی (٩٣) ساڵ و زاوای (١٠٠) ساڵ

زۆر کەس هەن لە تەمەنێکی زوودا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەی بۆی دەگونجێ، کەچی وادیارە پێچەوانەی ئەوانەش هەن کە لە تەمەنێکی زۆرەوە ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، بە تایبەت کاتێك مرۆڤ هەست بە هەستی بەرامبەری دەکات و بۆیە ئەگەر لە هەر تەمەنێك بێ، ئاسایی کە بڕیارێکی لەم جۆرە بدەن، پیاوێکی ئەمریکی بە ناوی (قلۆرینست فلنسوای) کە لەم ماوەیە یادی (١٠٠) ساڵەی ژیانی کردەوە، بۆیە بەم بۆنەیەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەی کە ماوەی (٢٨) ساڵە پێوەندی خۆشەویستیان هەیە، لە بڕیارێکی جواندا لەگەڵ (ڕۆز بۆلاند)ی تەمەن (٩٣) ساڵ، بۆ ئەوەی ببن بە هاوسەر، ئەمەش ڕەزامەندی هەردووکیانی دەربڕی و بۆیە وەکو لەم وێنەیە دەبینن بووك و زاوایەکی خنجیلانە لە تەمەنێکی زۆرەوە ئاهەنگێکی بچووکیان سازکرد.



# ڕیش و قژ تابلۆیەک بۆ نەخشی سەیر



سەرتاشین و ریش تاشین یەکێکن لە کارە سروشتییەکانی پیاو، کە دەبێ خۆیان دەرباز بکەن لەم لایەنەوە، هەر یەکەش بەپێی خواست و شێوازێکی تایبەتەوە تەسریحەیەك یان مۆدەیەك بۆ قژ یان ریشی دادەنێ کە چۆن بێ، کەچی هەندێ کەس هەن کاری سەیر لە کاتی تاشینی یان بۆ دوای تاشین دەکەن، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین مۆدەکانی قژ و ریش، لەگەڵ ئەوەشدا گەنجانی کوردیش ئەو لایەنە وەك مۆدەیەك بەکاردەهێنن و سوود لە ریش و قژیان وەردەگرن بۆ ئەوەی مۆدەیەکی جوان و سەیری لێوە دروست بکەن. ئەو دوو مۆدەیە دەبن بە حاڵەتێکی جوان بۆ ریشێك کە لێ نووسراوە (٢٠١١)، سەبارەت بە قژەکەش نەخشێکی سەیری بۆ دانراوە.

# تۆپەکەی وەستا ڕەجەب لە ڕواندز



ئەوەی سەردانێکی رواندز بکات، بێگومان ئەو تۆپە گەورەیەی بەرچاو دەکەوێ، کە دیمەنێکی ئەو شارۆچکەیەی بۆ خۆیەوە راکێشاوە، مێژووی ئەو تۆپە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای کۆرە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی ١٧٨٣ – ١٨٤٩ کە فەرمانڕەوایی (مەحەمەد پاشای رواندز) کە بە پاشای کۆر ناسرابوو، ئەمەو لەلایەن ئەو پاشایەوە داوا لە وەستایەکی ئەو شوێنە کرابوو بە ناوی (وەستا رەجەب) کە رەوانەی یەکێك لە وڵاتانی دراوسێ کرابوو بۆ ئەوەی بتوانێ فێری دروست کردنی تۆپ ببێ، دوای گەڕانەوەی وەستا رەجەب، هەڵدەستی بە دروست کردنی ئەو تۆپە کە چەندین ناوی ئایینی و جوانی لەسەر دروست کراوە، ئێستاش ئەو تۆپە لە نیوەی رێگاکە دانراوە کاتێك سەردەکەوی بۆ ناو رواندز، ناوی رواندز لە دوو بەش پێکهاتووە کە بەشی یەکەمی (روان)ە کە هۆزێك بوون لەو شوێنە بوون، بەشی دووەمیش (دز)ە کە بە مانی قەڵا دێ.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەهۆی شیرازە تێکچوونی باری سۆزداریت شپرزەو پەرێشانیت، بەڵام هاوسەنگی لەدەست نەدەیت دەرفەتی سەرکەوتن زۆرە و بێ ئومێد مەبە لەژیان.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

حەزت لەگۆڕانکاریە، بەڵام جارێ کاتی ماوە ئارام بگرە تا کاتی دێ، لەباری داراییدا سەرکێشی مەکە، چونکە کاتەکە گونجاو نییە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زۆر بەئاگا بە، بەوردی و زیرەکی چاودێری بارودۆخەکە بکەو خۆت لادە لەمەترسی و ئەو داوانەی کەناحەزانت بۆیان دانایتەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بۆ هێنانەدی ئاواتەکانت پێویستیەکی زۆرت بە هێمنی و ئارامی و هاوسەنگی هەیە لەگشت بوارەکانی ژیانت، یارمەتی و هاوکاری ئازیزانت سوودی زۆری هەیە بۆت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەر چەندە کارەکانت بەهێواشی دەڕۆن بەڕێوە، بەڵام دوو دڵ مەبە، چونکە هیچ نیشانەی مەترسی بەدی ناکرێت لەئاسۆی ژیانت دا.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەشێکی سۆزداری خۆش و دڵفرێن بەڕێوەیە، لەچەندین لاوە بانگهێشت دەکرێیت، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ خۆشەویستەکانت، دڵت خۆش دەبێت لەگەڵ هاوڕێیەکانت.

## باسی قەرز مەکە !



قەرز شتێکە لای گشت کەس خۆشەویست نییە، تەنانەت بۆ قەرزار و قەرزداریش شتێکی ناخۆشە، زۆر جار لە تابلۆکانی سەر دوکان و بازاڕەکان دەبینن نووسراوە (باسی قەرز مەکە)، بەڵام وادیارە ئەوەی ئەم تابلۆیەی هەڵواسیوە و زۆربە تووڕەیی تابلۆکەی نووسیوە کە تیایدا نووسراوە (ئەگەر مێشکت هەیە، باسی قەرز مەکە، ئێرە بانك نییە)! ئەمەش یەکێکە لە تابلۆ و ئاگادارییە سەیرەکان.

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی هونەرمەندێکی پیاوی کورد کە لە سوید دەژی بۆ دەربچێ.**

ك ر م ی ۆ ژ ر ە

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (شانەدەر)**

**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

نوکتە

- پیاوێك دەچێ لە بازاڕ پانكەیەك دەكرێ، كە (١٠) منداڵی دەبێ، دوای ڕۆژێك، پانكەكە دەسووتێ و لە كار دەكەوێ، خێزانەكەشی پێدەڵێ : پیاوەكە ئەوە چییە ئەو پانكەیە دوو ڕۆژ ئیشی نەكرد سووتا، ئەویش دەڵێ: چۆن ناسووتێ، كە (١٠) كەس لە ژێرییدا بخەوێ!

❊❊❊


- دوو كەس لە بەندینخانە دەبن، شەوێكیان ڕادەكەن و بۆ بەیانی دەگەڕێنەوە بەندینخانە، كاتێك هاوڕێكانی لێیان دەپرسن بۆ گەڕانەوە، ئەوانیش دەڵێن : ئەوەی دوێنی شەو پرۆڤە بوو، ئەمشەو بەڕاستی دەبێ!

## جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**










## ئاســـۆیی:

١- سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل بوو(پ).
٢- پیتێك+ مەشـــق و راهێنانی جەنگی – کورتکراوەی ناوێکە.
٣- خـــاك(پ)- دوو پیـــت لـــە بەشـــدار- بەشـــێکە لە لەش(پ).
٤- یەکـــەم پیتی (پ) بۆ زیاد بکە بە مانای قوژبن دێ- ژمارەیەکە بە عەرەبی (پ)- خزمێکە(پ).
٥- سوورەتێکی قورئانی پیرۆزە+ دراوێکی بیانیە – یەکەم پیتی (گ) ی بۆ زیاد بکە بە مانای رزیو دێت.
٦- سەنەم- دەستەی بەڕێوەبردن- پیتێکی ئینگلزیە.
٧- وەکو یەکە- پەرستگای مەسیحیەکانە.
٨- دوو پیت لە ئارسنال- ژمارە یەکە- کەناڵکی ناوەخۆیی کوردستانە(ت).
٩- میوەیەکە+ ناوێکی کچانەیە.
١٠- ناوی یەکەمی شـــاعیرێکی کۆچکـــردووی کوردە- ناوێکی کوڕانەیە.
١١- شاعیرێکی کۆچکردووی کوردە.


## ســـتوونی:

١- گۆرانییەکی (عەدنان کەریم)ە.
٢- سیستەمێکی حکومڕانیە(پ)- وەکو یەکە.
٣- خانمە گۆرانی بێژێکی کوردە- سێ پیت لە(خەڵات).
٤- نەخێر(پ)- وەکو یەکـــە- خواردنەوەیەکە+ دوو پیتی یەکە.
٥- پزیشکێکی ئەڵمانیە بە دۆزەرەوەی میکرۆب دادەنرێت وە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە لە بواری وەرگرتووە لە بواری پزیشکیدا.
٦- جۆرە ماســـیەکە- لە ئۆتۆمبیل دا بیـــدۆزەرەوە(پ)- سورەتێکی قورئانی پیرۆزە(پ).
٧- ناوی یەکەمی شـــاعیرێکی کۆچ کردووی کوردە –( رۆلە)(ت).
٨- کورت کراوەی حزبێکی کوردستانیە- شێواز.
٩- باڵندەیەکە+ شـــەڕێك بوو ناپلیۆن ســـەرکەوت بەسەر مالیکەکان.
١٠- دراوێکی بیانیە(پ)- نال(ت).
١١- نووسەرێکی ناوداری فەرەنسی یە+ پیتێك.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەخۆباییت تووشـــی ســـەر ئێشەی زۆرت دەکات، هەوڵبدە دڵی خۆشەویســـتەکانت رابگریـــت، چونکە ئەوان تەنیا دڵیان بەتۆ دەکرێتەوە، بۆیە واز بێنە لە لەخۆبایی بوون.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

گۆڕانکاری لەماڵەکەتدا ژیانت ئاسوودەتر دەکات، بـــاری دەروونیـــت باشـــتر دەبێت، دەرفەتی سەرکەوتنی باشت هەیە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بە نارەوا خۆشەویســـتەکەت تاوانبار مەکە، ســـووچ و گوناهـــی تۆشـــی تێدایە، کات گونجاوە بۆ لەیەك گەیشتن، بەڵام هەوڵێکی باشی دەوێ بە هیممەتی هەردوو لاتان.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

سەرکێشـــی و هەڵەشـــەییت کەم بکەرەوە، ئاگات لەســـۆز و تەندروستیت بێت بێ بیرکردنـــە هیچ کارێـــك مەکە، بۆئەوەی تووشـــی هەڵە نەبیت، چونکە هەوڵی ســـەرکەوتن کەمە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

سەرزەنشت کردنی خۆشەویستەکەت لەجێگـــەی خۆی نەبوو، پێویســـتە داوای لـــێ بوردنی لـــێ بکەیت، چونکە دڵی لێت شکاوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خۆشەویستەکەت پێویستی بەدڵنیا کردن هەیە، چونکە ڕێگایەکی دڕکاویـــات لەپێش ماوە، بەڵام مەترسە ئەســـتێرەی بەختان لەگەشانەوە دایە، ژیانێکی خۆش چاوەڕێتان دەکات.

## پەندە جوانەکان

- یەکەمین دڵداری لای پیاوان شەرمە،بەڵام لای ئافرەت جورئەتە. (ڤیکتۆر هۆگۆ)
- مرۆڤی عاقڵ بەتەنیا هەڵە ناکات بەڵکو بواری هەڵەکردن بە کەسانی تریش دەدات. (جرجیل)
- هەرکەسێ بزانێت کە نەزانە لەهەموو کەس زاناترە. (سۆقرات)

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ئاکرێ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

-پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەوارییە لە ناو مەشکە ئامادە دەکرێ)
-پیتی خانەکانی (٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەك لە دواوەی ئۆتۆمبێل دادەنرێ بۆ راکیشا
-پیتی خانەکانی (٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کەم)
-پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کۆی ژمارەکانی ٤+٣+٢+١)